## بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٧**
**مێژووی بڕیار: ٢٠١٨/٢/١٢**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٨)ی ڕۆژی ٢٠١٨/٢/١٢ ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨
## یاسای ڕێگری لە زیادەڕۆیی ولابردنی لەسەر زەوی و زار و موڵکی دەوڵەت
## لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

## بەشی یەکەم
## پێناسە و ئامانج و پیادەکردن
### پێناسەکان

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم دەستەواژە و وشانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**سێیەم:** زەوی و زاری دەوڵەت: گشت ئەو زەوی و زارانەی موڵکی دەوڵەتن لە سنووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق ڕەگەزەکەی یان پۆلینەکەی (جۆرەکەی) هەر چییەك بێت، هەروەك لە ماددەی (یەکەم)ی یاسای یەکخستنەوەی پۆلینەکانی زەوییەکانی دەوڵەت ژمارە (٥٣)ی ساڵی ١٩٧٦ی بەرکار دیار کراوە، هەروەها ئەو زەویانەی کە تسویە نەکراون (موڵکداریان یەکلانەبوتەوە) و بەناوی کەسەوە تۆمارنین.

**چوارەم:** زەوی ناو سنووری شارەوانی: گشت ئەو زەوییانەی دەکەونە ناو سنووری بڕیاردراو بۆ شارەوانییەکان لە گشت پارێزگا و قەزاو ناحییەکان بەپێی نەخشەی بنەڕەتی.

**پێنجەم:** زەوی دەرەوەی سنووری شارەوانی: ئەو زەوییانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری هاتوو لە بڕگەی (چوارەم)ی ئەم ماددەیە، زەوییەکانی دەرەوەی سنووری گوندەکان.

**شەشەم:** سەرۆکی یەکەی کارگێڕی: پارێزگار و قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحییە.

**حەوتەم:** شارەوانی: شارەوانی پارێزگا و قەزاو ناحییە، شارەدێیەکانی هەرێم.

**هەشتەم:** لیژنە: لیژنەی چاودێری و رێگری لە زیادەرۆیی و لابردنی.

**نۆیەم:** زیادەڕۆکار: ئەو کەس و لایەنەی بەبێ مۆڵەتی یاسایی پەیوەندیدار بەپێچەوانەی یاسا بەرکارەکان رەفتارێك ئەکات کە لە مادەی (٤)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**دەیەم:** چاودێر: کارمەندی کاتی و بەردەوامی شارەوانی کە چاودێری زیادەڕۆیی دەکەن، هەروەها چاودێری فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی دیکە.

## ئامانجەکان

**ماددەی ( ٢ ):**

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە:

**یەکەم:** پارێزگاری لەو زەوی و زارانەی مولکی دەوڵەتن لە ناو سنووری هەرێم و رێگری لە زێدەڕۆیی و داگیرکردنیان بە رێگەی سەپاندنی سزای بەرگر (رادع) بەرامبەر بە زێدەڕۆکار.

**دووەم:** گرتنەبەری رێکاری یاسایی بۆ لابردنی زێدەڕۆی لەسەر زەوی و زاری دەوڵەت.

**سێیەم:** پاراستن و ئاراستەکردن بۆ بوژانەوەی ئابووریی نیشتیمانیی هەرێم لە رێگەی قەدەغەکردنی زێدەڕۆیی کردنە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان، پاوانە (لەوەرگا) سروشتییەکان، دارستانە سروشتییەکان، و زەوی بەردەڵان و رێگرتن لە گۆڕینی بەکارهێنانیان.

**چوارەم:** پارێزگاری لە نەخشەی بنەرەتی شارەوانی بە پێی ئەو پلانەی بۆیان داندراوە لەرێگەی رێگری کردن لە زێدەڕۆیی.

## پیادەکردن

**ماددەی ( ٣ ):**

ئەم یاسایە پیادە دەکرێت بەسەر گشت حاڵەتەکانی زیادەڕۆیی کە لە دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە دەکرێتە سەر زەوی و زاری دەوڵەت لە هەرێم رەگەزەکەی یان پۆلینەکەی (جۆرەکەی) هەر چییەك بێت.

**ماددەی ( ٤ ):**

**یەکەم:** هەر رەفتارێك یان کارێك بکرێتە سەر زەوی و زاری دەوڵەت یان سەر مافێك لەو مافانەی سەر ئەم زەوییانە بە زیادەڕۆیی ئەژماردەکرێت، ئەگەر مۆلەتی یاسایی نەبێت، یان دژ بە یاسا بەرکارەکان بێت، لەوانەش ئەمانەی خوارەوە:

١ـ زەوتکردن و بەکارهێنان و دەست بەسەرداگرتنی بیناکانی دەوڵەت.

٢ـ دروستکردنی خانوو، بینا بەهەموو جۆرەکانییەوە، بۆ هەر مەبەستێك ئەگەر لەگەڵ نەخشەی بنەرەتی بگونجێت یان نا، هەروەها بۆ سەر ئەو زەویانەش کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی.

٣ـ زەوتکردنی زەوی یان بەشێك لە زەوی.

٤ـ گۆڕینی ڕەگەزی زەوی، بەکارهێنانی زەوی، گۆڕینی بەکارهێنانی زەوی.
٥ـ هەڵکەندنی زەوی ، بردنی خاك (خۆڵی ئاسایی یان تێکەڵە) گۆڕینی ڕێچکەی ئاوی سەر زەوی ، گۆڕینی ڕێرەوی هاتووچۆ.
٦ـ پەکخستن یان گۆڕینی مافێك لە مافەکانی هاوشانیی (ارتفاق) بڕیاردراو لەسەر زەوییەکانی دەوڵەت.
٧ـ داگیر کردن و بەکارهێنان و هەڵکەندن و شێواندنی کەنار و ناو چۆم و ڕووبار و دەریاچەکان.
٨ـ شوراکردنی زەوی، بەردەڵان ، لەوەرگا (پاوان)، دارستان و کشتوکاڵی بە پێچەوانەی یاسا بەرکارەکان .
٩ـ فرۆشتن ، بەخشین ، بەکرێدانی زەوی بەمەبەستی کشتوکاڵ ، دروستکردنی باخ، گەشت و گوزارو نیشتەجێ ، بازرگانی یان بۆ هەر مەبەستیکی دی ، بە پێچەوانەی یاسا بەرکارەکانی هەرێم .
١٠ـ جیاکردنەوە و پارچە پارچە کردن (افراز الاراضي ) بەدەر لە یاسا بەرکارەکان.
١١ـ هەر رەفتارێکی دیکە، جگە لەوانەی لە بەندەکانی پێشوو باسکراون ، بکەوێتە سەر زەوی و زاری دەوڵەت بەبێ وەرگرتنی رەزامەندیی بنەمایی (أصولی).
**دووەم:** بەکارهێنانی گشت یان بەشێك لەشەقام ، شوستە ، گورەپان ، باخچە ، پارك یان هەر شوێنێکی گشتی بەشێوەی کاتی، یان بەردەوام بۆ بەرژەوەندی تایبەت، بەپێچەوانەی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.

## بەشی دووەم

## حوکمە رێکارییەکان

**ماددەی ( ٥ ):**

سەرۆکی یەکەی کارگێری و سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بە هۆی چاودێرەوە، چاودێری زەوی و زار دەکەن بە مەبەستی رێگری و لابردنی زیادەرۆیی بەگرتنەبەری ئەم رێکارانەی خوارەوە:
**یەکەم:** پێدانی هۆشداری (انذار) بەکەسی زیادەڕۆکار بە لابردنی زیادەرۆیی لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر ئەگەر کەسەکە یان لایەنەکە ناسراوبوو.
**دووەم:** هەڵواسینی پسوولەی هۆشداری (انذار) لە شوێنی زیادەرۆکە یان بەنووسین لەسەر زیادەرۆکە بە لابردنی زیادەرۆکە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا ئەگەر زیادەرۆکار نەناسراو بوو.
**سێیەم:** ئاگادار کردنەوەی فەرمانگە یان سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بەو زێدەڕۆییەی روویداوە.
**چوارەم:** پێویستە لەسەر سەرۆکی یەکەی کارگێڕی، لە ماوەی (٤٨) کاتژمێر لە رێکەوتی ئاگادارکردنەوە، فەرمانی لابردنی زیادەڕۆییەکە دەربکات بە هەماهەنگی لەگەڵ شارەوانیی و فەرمانگەی تایبەتمەند و دابینکردنی پارێزوان بۆ لیژنە، ئەگەر زیادەرۆکار بەپێی برگەکانی (یەکەم، دووەم)ی سەرەوەی ئەم ماددەیە زیادەرۆکەی لانەبرد.

**ماددەی ( ٦ ):**

هێزەکانی ناوخۆ فەرمانەکانی سەرۆکی یەکەکارگێرییەکان جێبەجێ دەکەن و، لە کاتی پێویستدا گشت هێزە فەرمییەکان هاوکاریان دەبن بۆ لابردنی زیادەرۆیی.

**ماددەی ( ٧ ):**

نابێت خزمەتگوزارییەکانی (ئاو ، ئاوەڕۆ ، کارەبا ، ڕێگا ، شەقام ، ئینترنێت) یان هەر خزمەتگوزاریەکی دیکە، بگەیەندرێتە ئەو زەوی وزارەی زیادەڕۆکەی لەسەردەکرێت.

**ماددەی ( ٨ ):**

**یەکەم:** پێویستە لیژنە لەلایەن سەرۆکی یەکەکارگێڕییەکان بەهەماهەنگی لەگەل لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی بەرکاربونی ئەم یاسایە تێپەڕنەکات پێکبهێندرێت.

**دووەم:** لەو پێبژاردنەی کە لەزیادەڕۆکار وەردەگیرێت ڕێژەیەك کە زیاتر نەبێت لە کۆی مووچەی ئەندامانی لیژنە و هێزە فەرمییەکانی بەشدار بوو لە لابردنی زیادەڕۆیی تەرخان دەکرێت وەك هاندان بۆیان، دابەش دەکرێت بەپێی ڕێنماییەك کە (وەزیری شارەوانی) بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە ماوەیەك کە لە (٤٥) چل و پێنج ڕۆژ لە ڕۆژی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەڕنەکات دەریدەکات.

**سێیەم:** لیژنە دەگۆڕدرێت و ماوەی کارکردنی لە ساڵێك تێپەڕناکات.

**ماددەی ( ٩ ):**

پێویستە زیادەڕۆکار لەو زیادەڕۆیانەی کە پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە کراون لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە بەرواری کارپێکردن بەم یاسایە:

**یەکەم:** ئاگاداری شارەوانی پەیوەندیدار بکات لە شوێن و شێوە و رووبەروو پێکهاتەی زیادەڕۆییەکە ئەگەر لە سنوری شارەوانی بوو.

**دووەم:** ئاگاداری سەرۆکی یەکەی کارگێری بکات لە شوێن و شێوە و رووبەروو پێکهاتەی زیادەڕۆییەکە ئەگەر لە دەرەوەی سنوری شارەوانی بوو.

**سێیەم:** پێویستە سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی یەکە کارگێریەکان تۆماری ئەو زانیاری و هەواڵانە بکەن لە تۆمارگەی فەرمی بەشی زیادەڕۆیی و لیژنەی پێویست لە لایەنە پەیوەندیدارەکان پێك بهێنن بۆ جێگیرکردنی جۆر و شێوە و رووبەرو پێك هاتەی زیادەڕۆییەکە لە کۆنووسی تایبەتدا کە بەپێی برگەکانی (یەکەم، دووەم)ی ئەم ماددەیە پێیانگەیشتووە.

**چوارەم:** حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئەو زیادەڕۆیانەدا جێبەجێ دەکرێت کە ئاگاداری شارەوانی و یەکەی کارگێری لێنەکراوە بە پێی برگەکانی (یەکەم و دووەم)ی ئەم ماددەیە، و ئەو زیادەڕۆیانەش کە لە بڕگە (دووەم) لە ماددەی (٤)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**ماددەی ( ١٠ ):**

لە ناوەندی هەر پارێزگایەك دادگایەك پێك دەهێنرێت و لە قەزاکانیش دادوەرێك دەست نیشان دەکرێت بۆ تێروانینی زیادەڕۆییەکان و ئەو دۆسیانەی پەیوەستن بە زیادەڕۆی بە دۆسیەی پەلە ئەژمار دەکرێت.

## بەشی سێیەم
## حوکمە سزاییەکان

**ماددەی ( ١١ ):**

لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەر سزایەکی توندتر کەوا یاسا بەرکارەکان لە هەرێم دەقیان لەسەر کردووە:

**یەکەم:** هەر کەسێك رەفتارێك لەو رەفتارانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٤)ی ئەم یاسایەدا هاتووە، ئەنجام بدات ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە (١) یەك ساڵ کەمتر نەبێت و بە پێبژاردنێك لە (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پازدە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت و لابردنی زیادەرۆکە لەسەر خەرجی زیادەرۆکار دەبێت.

**دووەم:** هەر کەسێك رەفتارێك لەو رەفتارانەی لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٤)ی ئەم یاسایەدا هاتووە، ئەنجام بدات ئەوا بە پێبژاردنێك کە لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت و، لە حاڵەتی گەڕانەوە سزاکەی دەبێتە بەندکردن بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ و پێبژاردنێك لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆن دینار زیاتر نەبێت و لابردنی زیادەرۆکە لەسەر خەرجی زیادەرۆکار دەبێت.

**سێیەم:** خاوەنی ئەو موڵکە یان شوێنە یان ئەو کرێچییەی ئاسانکاری دەکات یان یارمەتی دەدات لە ئەنجامدانی زیادەرۆیی، ئەوا بە هاوبەش دادەنرێت لەو رەفتارانەی لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە و بەهەمان سزای زیادەرۆکار سزا دەدرێت.

**چوارەم:** هەر کەسێك لە سەرۆك و ئەندامانی لیژنە وکارمەندانی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان کەمتەرخەم بن لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی لە رێگرتن یان لابردنی زیادەڕۆیی ئەوا بە پێی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران رەفتاری لەگەڵ دەکرێت.

**پێنجەم:** ئەگەر زیادەرۆکار فەرمانبەر یان راسپێدراو بە راژەی گشتی بێت یان یەکێك لە کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان هێزە چەکدارەکان بێت و سیفەتی خۆی لە ئەنجامدانی تاوانەکە وەسوودهێنابێت (استغلال) یان ئاسانی کردبێت بۆ کەسانی دیکە، ئەوا بە بارودۆخی توندکراو دادەنرێت لە رەفتارەکانی هاتوو لە هەردوو بڕگەی (یەکەم ودووەم)ی ئەم ماددەیە.

**ماددەی ( ١٢ ):**

هەر کەسێك رەفتارێك لە رەفتارەکانی نێوەندگیریی یان دەلالیی لەسەر ئەو زەوی وزارو خانووبەرانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ئەنجام بدات، ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێك زیاتر نەبێت و بە پێبژاردنێك لە (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت.

**ماددەی (١٣):**

هەر فەرمانبەرێك یان راسپێردراوێك بەراژەی گشتی رەزامەندی بنەمایی بدات، یان یارمەتی بدات یان نێوەندگیریی بکات لەپێناو دابینکردنی ئاو یان کارەبا یان خزمەتگوزاری دیکە بۆ ئەو زەوی و زارو خانووبەرانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە (١) یەك ساڵ زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت.

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:** نابێت تۆمەتباری زیادەڕۆکار لە هەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی یان دادگایی کردن، ئازاد بکرێت تا زیادەڕۆکە لادەبات.

**دووەم:** بڕیار یان حوکمی دەرکراو لە دادگا سزاکارییەکان بە ئازادکردن یان بێ تۆمەتی یان نابەرپرسیاریەتی، هیچ ئاسەوارێکی نابێت لەسەر لابردنی زیادەڕۆییەکە.

**ماددەی (١٥):**

زیادەڕۆکار دەبووردرێت لەو سزایانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئەگەر بەپێی بڕگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)ی ماددەی (٥) هۆشداری (إنذار) نەکرابوون هەواڵ بداتە لایەنە تایبەتمەندەکانی زیادەڕۆیی لەسەر رووداني زیادەڕۆییەکە و لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ لە رێکەوتی هەواڵدانەکە هەڵسا بە لابردنی، بەو مەرجەی ئەو لابردنە بە نووسراوێکی فەرمی لە لایەنی پەیوەندیدار پشت راست بکرێتەوە.

**ماددەی ( ١٦ ):**

**یەکەم:** ئەگەر رەفتارێك لە لایەن ئەندامانی لیژنە و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی پەیوەستە بە لابردنی زیادەڕۆییەکان روویدات ئەوا بە پێی حوکمەکانی ماددەی (٤٠)ی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو رەفتاری لەگەڵدا دەکرێت.

**دووەم:** ئەندامانی لیژنە و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەو زیانە مالییانە گەرەنتی ناکەن کە لەوانەیە لە کاتی لابردنی زیادەڕۆیی دووچاری زیادەڕۆکار بێن، لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٢١٥) لە یاسای مەدەنی عێراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ هەموارکراو.

## بەشی چوارەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی (١٧) :**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٨) :**

پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ، لە رۆژی بەرکاربوونی ئەم یاسایە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی یاساکە دەربکەن.

**ماددەی (١٩):**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.**

**ماددەی (٢٠):**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)ـدا جێبەجێ دەکرێت.**

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شكرالله** | **جعفر ابراهيم ئێمینکی** | **یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

**هۆیەکانی دەرچواندن**

**بەمەبەستی ڕێگریکردن لە داگیرکردنی ماڵ و موڵکی دەوڵەت و پارێزگاری لە سیمای شارستانی شارەکانی هەرێمی کوردستان و شوێنە گەشتیاریەکان و پاراستنی لەوەڕگە (پاوان) و دارستانە سروشتی زەوییە کشتوکاڵیەکانی دەرەوەی سنوری شارەوانی و پیادەکردنی دادی کۆمەڵایەتی، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.**